Iraq _Kurdistan parliament
Kurdistan-hawler

No:
Date:



پەرلەمانی کوردستان . عێراق
کوردستان . هەولێر
لیژنەی ناوخۆ وئاسایش
وئەنجومەنی خۆجییەکان
ژمارە : 218
رۆژ: 2011/12/6

## بۆ بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق

## ب/ راپۆرتی لیژنەی هاوبەش

**راپۆرتی لیژنەی هاوبەش لە هەردوو لیژنەی (ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان، مافەکانی مرۆڤ) لەسەر رووداوەکانی 2011/12/2ی پارێزگای دهۆك**

لە دوای گەڕانەوەی لیژنە هاوبەشەکە بۆ هەولێر و کۆبوونەوەی هەردوو لێژنەی (ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان، مافی مرۆڤ) لە کاتژمێر 2ی دوای نیوەڕۆی 2011/12/6 تا کاتژمێر(12)ی شەو بەردەوام بوو، ئەمرۆژش رۆژی چوارشەممە 2011/12/7 کاتژمێر (10:30)ی بەیانی دانیشتنی لیژنە بۆ تەواو کردنی راپۆرتەکە دەستی پیکردەوە کاتژمێر (11:30)گە یشتینە ئەم دەرئەنجامانە.

**<u>تێبینی:</u>**

1- ئێمە لەم راپۆرتەدا، هەر باس و گوتارێك کە پێوەندی بە تۆمەتبارکردنی هەر لایەنێك و کەسێکەوە بێت، نەهاتووە، تا دادگا و لێژنەی لێکۆڵینەوە بریاری یەکلاکەرەوە لەبارەیانەوە دەدەن.

2- ئێمە لەم راپۆرتەدا، تەرکیزمان لەسەر ئەدای دەزگا پێوەندارەکانی حکوومەت بەو رووداوانە کردووە نەك لایەنە سیاسییەکان.

1- له كۆبوونه‌وه‌ی هاوبه‌شی هه‌ردوو لیژنه له رۆژی 2011/12/4 رێكه‌وتن له هه‌ردوو لیژنه‌(10 )ئه‌ندامی لیژنه‌ی مافی مرۆڤ و لیژنه‌ی ناوخۆ سه‌ردانی مه‌یدانیی پارێزگای دهۆك بكه‌ن.

2- كاتژمێری (5) ئێواره‌ی 2011/12/4ی5 ، لیژنه هاوبه‌شه‌كه بۆ شاری دهۆك به‌رێكه‌وت.. سه‌رله‌به‌یانیی كاتژمێر 8ی 12/5 بۆ شاری زاخۆ به‌رێكه‌وت و كاتژمێر 9:00 سه‌ردانی ئۆفیسی په‌رله‌مانی كردو له لایه‌ن په‌رله‌مه‌نتار (ئه‌میر گوگه یوسف)ه‌وه پێشوازیی له لیژنه‌كه كراو پانۆراما و زانیاریی سه‌ره‌تایی سه‌باره‌ت به رووداوه‌كانی شاری زاخۆی به لێژنه‌كه دا.

**زاخۆ:**

**1.** پاشان لیژنه هاوبه‌شه‌كه، كاتژمێر 9:30 سه‌ردانی قایمقامیه‌تی قه‌زای زاخۆیان كردو له‌گه‌ڵ لێژنه‌ی ئه‌منیی شاره‌كه (قایمقام، به‌رێوه‌به‌ری پۆلیس، به‌رێوه‌به‌ری ئاسایش) كۆبۆوه. له‌سه‌ره‌تادا، سه‌رۆكی لێژنه هاوبه‌شه‌كه (ئیسماعیل مه‌حموود) به‌ناوی لیژنه‌كه‌وه، مه‌به‌ست له سه‌ردانه‌كه‌و سروشتی لیژنه‌كه و ئه‌ركه‌كانی بۆ روونكردنه‌وه سه‌باره‌ت به به‌دواداچوونی رووداوه نه‌خوازراوه‌كانی 2ی ئه‌م مانگه كه له‌سه‌ره‌تاوه له شاری زاخۆ ده‌ستیان پێكرد.

**2.** لیژنه‌ی ئه‌منیی شاره‌كه، ئه‌م زانیارییانه‌یان خسته به‌رچاوی ئه‌ندامانی لیّژنه‌كه‌وه:

أ. ئه‌و رووداوانه، له دوای به‌كۆتاهاتنی نوێژی هه‌ینی قه‌وماون و كاتژمێر 11ی شه‌و كۆتاییان پێهێناوه.

ب. له ئه‌نجامدا (27) جێگه سووتاون، یان شكێندراون (4 هوتێلی گه‌شتوگوزاری، گازینۆیه‌ك، باڵه‌خانه‌یه‌كی چه‌ند نهۆمی كه مه‌ساجی

تێدا کراوە، چەندین دوکان و کۆگای مەی فرۆشی و سالۆنی جوانکاریی،... بارەگای مەڵبەندی 13ی یەکگرتوو کە تەلەفزیۆنی خابیرو رادیۆی یەکگرتووی لێ بووە)، ئەوە سەرەرای سووتاندنی چەندین ئوتومۆبیل و زیانی تری ماددی... هەوڵدراوە، پەلاماری دێری برا ئەرمەنییەکان بدرێ، بەڵام خەڵکی دەوروبەری ئەو دێرە، تەقەیان بە ئاسماندا کردووەو ئیدی پەلاماردەران بڵاوەیان پێکراوە. هەروا پەلاماری ماڵێکی مەسیحیش دراوە....

ج. لەم رووداوانەدا، (37) کەس کە زۆربەیان پۆلیس و ئاسایش بوونە، بە سووکی بریندار بوون (لەوانە بەرێوەبەری پۆلیس) و چوونەتە نەخۆشخانە و ناویان تۆمارکراوە... خۆشبەختانە کەس بە گوللە بریندار نەبووەو کەسی تێدا شەهید نەبووە...

د. زۆرینەی هەرە زۆری ئەو شوێنانەی سووتاون، هی خوشك و برا مەسیحی و ئێزدییەکان بووە کە ژیان و کارو کەسابەتیان لەسەر ئەوە بووە.

ه. لەبەردەم باڵەخانەی مەساجەکەدا، ئاگر لە تابلۆی دوو شەهید بەردراوەو نیوەی سوتاوە.

و. (53) کەس بە فەرمانی دادوەر گیراون، هەندێکیان بەردراون و هەندێکی تریشیان هێشتا ماونەتەوەو هەندێك گومانلێکراویش خۆیان شاردۆتەوە کە فەرمانی گرتنیان هەیە.

ز. لە خوتبەی نوێژی هەینیدا، مەلا ئیسماعیل سندی، لە ماوەی (20) دەقیقەدا، باسی (المنکرات)ی کردووە، لەوانە (مەی خواردنەوەو مەساج و

شتی لەمبابەتە) و پێشتریش چەند مەلایەکی تر لە 1-2ی خوتبەی تردا، باسی ئەوەیان کردووە... لەناو مزگەوتەکە، هەر دوای تەواوبوونی خوتبە، (مەهدی مستەفا) گوتویەتی: (مەلا بۆ بە ئاشکرا نابێژی، پەلاماری شوێنی مەساج و مەیفرۆشی بدەن و خەڵکینە با بچینێ). دوای ئەوە هێرش و پەلامار دەستی پێکردووە... هەروا لە وەڵامی پرسیارێکدا لیژنەی ئەمنی، گوتیان: هەم مەلا ئیسماعیل و مەهدی دەستگیر نەکراون.

ح. لەناو سەنتەری شار (80) پۆلیسی فریاکەوتن کە نیوەیان لە "واجب"دابوون و (60) ئاسایشیان هەیە.

گ. چینییەکانی (کە ژمارەیان 9 کەس بووە) ناو باڵەخانەی مەساجەکە بە هەوڵی پۆلیس رزگارکراون و لەوێ (13) پۆلیس برینداربوون.

ی. بەیانی 2011/12/5، خاوەنی ئەو شوێنانەی سوتێنراون، بەکاغەزێك کە هاوپێچی ئەم راپۆرتەکراوە، ئاگادار کراونەتەوە ئەگەر جارێکی تر ئەو شوێنانە بکەنەوە، سزای مردنی بەدواوەیە.

ك. لە پەلامارەکەی سەر شوێنی مەساجەکە، لافیتەیەك نووسراوە (لا الە الا اللە، محمد رسول اللە) لەسەر پەڕۆیەکی سەوزو چەندین دروشمی وەك (ئازادی، ئازادی...) تێدا گوتراوەتەوە.

ل. رێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی سەر بەیەکگرتوو، رێورەسمێکی ئەو رۆژە لە کاتژمێر 3- 5:30ی ئێوارە، رێورەسمێکی بەبۆنەی سەری ساڵی

هیجری ڕێکخستووەو نزیکەی 600 کەس بەشداری تێداکردووەو خەڵك لە دەوروبەری زاخۆوە بۆ هێنراوەو (عمر کۆچەر) وتاری تێدا خوێندۆتەوە.

م. بەرای لیژنەی ئەمنیی شارەکە، ئەو ڕووداوانە، بە بەرنامە بوون و دەستیان لە پشت بووە. وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی لەبارەی ڕووداوەکەوە لەلای ئەوان پارێزراوە.

ن. لە پەلامار بۆ سەر شوێنی مەساجەکە کە ببوونە1000 کەس زێتر، ڕێگەیان لە کامێرای کوردسات گرت و شکاندیان و هی کوردستان تی ڤی-یش هەر نەوێرا لێیان نزیك بێتەوە، بەڵام هی سپێدە و ئێن ئار تی، بەئاسانی لەوێ بوون وەك لە کەناڵەکان نیشاندرا.

3- لێژنەی ئەمنیی سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای شارەکەو (ئیحتیاتات)ی پێویست بۆ پاراستنی سەر و ماڵی خەڵك بەتایبەتی هی خوشك و برایانی مەسیحی و ئێزدی و لە وەڵامی پرسیارێکدا، کە بۆ نەشیاون کۆنترۆڵی ڕەوشەکە بکەن و ئەو هەموو جێگەیە بسوتێ. لە وەڵامدا گوتیان: ئەوان لەناو شاری زاخۆ (40) پۆلیسی فریاکەوتن و (60) ئاسایشیان هەبووە و ڕووداوەکە لە ناکاو بووەو ڕۆژەکە هەینی بووەو هەر هەندە فریاکەوتین (چینییەکانی ناو شوێنی مەساجەکە) لە کوشتن ڕزگار بکەین. قایمقام، دانی بەوەدانا: کە لەکاتی ڕووداوەکاندا، پێ ڕا نەگەیشتوون بەو ژمارە کەمە کۆنترۆڵی ڕەوشەکە بکەن... هەروا پرسیار لە لیژنەی ئەمنی کرا، کە بۆ بەدەم بەرپرسی مەڵبەندی یەکگرتوو نەچوون، کە داوای لێکردوون مەترسیان لەسەرە، لە وەلامدا قایمقام گوتی: پێوەندیم پێوەنەکراوە. بەڵام ڕەوشەکە لەدەست دەرچوو بوو، کۆنترۆڵ

نەکرا و کارو کارکاردانەوەی عەفووی خەڵك بووە. بەڵام پێوەندیی بە بەرێوەبەری پۆلیسەوە کردوە.

4- لیژنە هاوبەشەکە، هوتێل و باڵەخانە و دوکانە سوتاو و شکێنراوەکانی لە نزیکەوە بینی.

5- هەروا لیژنە هاوبەشەکە، لەبەردەم بارەگا سووتاوەکەی یەکگرتوو، چاوی بە بەرپرسی مەڵبەندی 13ی یەکگرتوو لە زاخۆ کەوت و سورۆکی لیژنە بەناوی پەرلەمانەوە هاوسۆزی پەرلەمانی دەربری سەبارەت بە سووتاندنی بارەگەکەیان. پاشان بەرپرسی مەڵبەند جەختی لەوە کردەوە، کە خۆی و ئەندامانی مەڵبەندو چەند کەسێکی تر (15 کەسێك دەبووین) نوێژی عەسریان لە بارەگا کردووەو پاشان چوونەتە رێورەسمی یادکردنەوەی سەری ساڵی کۆچی. لەنێوان 10:10- تا 10:20ی شەو بارەگاکەیان سووتاوە. تەلەفزیۆن و رادیۆی یەکگرتوو، لە نهۆمی سێیەمی باڵەخانەکە بووە.

6- پاشان، لە هۆڵێکی قایمقامیەتی زاخۆ، لێژنە هاوبەشەکە بە ئامادەبوونی قایمقام لەگەڵ خەڵکە زیان لێکەوتووە (مەسیحی و ئێزدیی)یەکە کۆبۆوەو سەرۆکی لێژنە (ئیسماعیل مەحموود) بەناوی لیژنەکەوە، رووداوەکانی 2ی ئەم مانگەی ئیدانەو ریسواکردو هاوسۆزی و نیگەرانی پەرلەمانی دەربری و جەختی لەوەکردەوە کە هەرێمی کوردستان، ولاتی هەمووومانە بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانەوەو رێگەی هیچ چەشنە فیتنەیەکی لەمبابەتە نادرێ کە نێوانی پێکهاتەکانی کوردستان تێکبدات و قانوون سەروەرەو عەدالەت رێچکەی خۆی دەگرێ. لە سەرێکی ترەوە، ئاماژەی بۆ ئەو لیژنە لێکۆڵێنەوەیە کرد کە بەرێز سەرۆکی هەرێم پێکیهێناوە. لەو کۆبوونەوەیەدا، چەند برایەکی مەسیحی و ئێزدی دوان و نیگەرانیی خۆیان لەو رووداوە دەربری و هیوایان خواست کە شتێکی لەمبابەتە دووبارە نەبێتەوەو نەیانشاردەوە کە ئەوان بە تەنیا خوازیاری قەرەبووکردنەوەی

ماددی نین، بەڵکە لە بارێکی دەروونیی خراپدا دەژین و ئەو رووداوە کاریگەریی لە ماڵ و منداڵ و ژیان و خوێندنیان کردووەو هەست بە نا- ئارامی دەکەن...

**سێمێل:**

1- کاتژمێر 3ی دوای نیوەڕۆی 12/5 لێژنە هاوبەشەکە، سەردانی قایمقامیەتی شاری (سێمێل)ی کردو لەگەڵ (قایمقام، بەرێوەبەری ئاسایش و بەرێوەبەری پۆلیس) کۆبۆوە.بەهەمان شێوەی زاخۆ، مەبەست لەو سەردانەو سروشت و ئەرکی لێژنەکەیان بۆ روونکرایەوە.

2- قایمقام، پاش بیستنی هەواڵەکان، بە دەم زاخۆوە چوون و ئاگرکوژێنەوەیان بۆ ناردوون و (وردە-وردە) ئیحتیاتاتی خۆیان وەرگرتووە.

3- دەوروبەری کاتژمێر 7:30ی شەو، لە دەوروبەری (مسیریکێ) کە (8) کم لە سێمێل-ەوە دوورەو نزیکەی 21600 کەسی تێدا دەژی، (7) کەس کۆبوونەتەوەو منیش هەر زوو چوومە ئەوێ و قسەم لەگەڵ کردن و کە لەسەر جادەی سەرەکین لە سێمێل. ئەوان رۆیشتن و پاشان خەڵکی سێمێل-یش هاتن و بوونە 50-60 کەسێك و گوتیان دەبێ ئەو (2) جێگەیە نەمێنن و بسوتێنرێن. ئەوانە گەنج بوون تەمەنیان لەنێوان (11-25)ساڵی دابوو و دروشمەکانی (جیهاد، الله اکبر)یان دەگوتەوەو لەنێوان خۆیاندا قسەیان دەکردو بە مۆبایل پێوەندییان بە خەڵکی ترەوە دەکرد. لە 8:20ی شەو بوونە (300) کەسێك و (2) دوکانەکەیان شکاندو ئاگریان تێبەردا و پاشان کۆگەیەکی تر کە هی پیاوێکی مەسیحی بوو سوتاندو لە بەرانبەر قایمقامیەتیش (4) دوکانی تر هەبوو، هاتنە ئەوێ و ئەودەمە ببوونە (700) کەسێك و بەردیان تێ گرتین و و پاشان ئەو (4) دوکانەشیان سوتاند.

4- هەروا قایمقام گوتی: لە گوندی سێجێ کە گوندێکی مەسیحییەو 220 ماڵی تێدا دەژی و کەوتۆتە باکووری شاری سێمێل-ەوە و (6) کم لێی دوورەو (2)

کۆگەی گەورەی تێدایەو ئەو خەڵکە پەلاماردەرە گوتیان با بچینە گوندی (سێجێ) و ئەوانیش بسوتێنین. ئێمە کە چووینە ئەو گوندە، (20) کەسێك گەیشتبوونە ئەوێ و خەریکی شکاندنی کۆگاکە بوون، بەڵام ئێمە تەقەمان بەسەردا کردن و هەڵاتن. بەداخەوە، هەندێ کەس لە خەڵکی گوندەکە بەرەو چیا هەڵاتبوون. بەڵام لە دەرگایەکی تری (لاوەکی)یەوە پەلاماردەران، چوونە ناو ئۆفیسی کۆگاکەو (قاصە)ی کۆگەکەیان شکاندبوو، (300.000) دۆلار و (40) ملیۆن دیناری تێدابووەو بردوویانەو ئاگریان تێبەرداوە. قایمقام گوتی ئێمە کۆنترۆڵی رەوشەکەمان کردو پەلاماردەران هەلاتن و پاشەکشەیان کرد و ژمارەی ئۆتۆمبیلێکیان لایە.

5- هەر ئەو شەوە لە کاتژمێر 10:20 ی شەو بارەگای یەکگرتوو لە سێمێل سووتا (دوو ژووری بارەگاکە سووتا بوو) و قایمقام چووەتە ئەوێ..

6- پەلاماردەران بەتەمابوون، بچنە (خانکێ- کە هی خوشك و برا ئێزدییەکانەو 12 کم لە خواروو سێمێلەوەیەو 22 هەزار کەسی تێدا دەژی) و دوکانەکانی ئەوێش بسۆژن، بەڵام لێژنەی ئەمنی بە هێزێکەوە چووەتە ئەوێ و ئێزدییەکانیش (70-80) چەکدارێك خۆیان ئامادەکردبوو. سوپاس بۆ خوا شتێ لە خانکێ رووی نەدا.

7- قایمقام و لیژنەی ئەمنیی شارەکە پێیانوایە، پلانێك هەبووە و ناوی (7) کەسی هاندەریان لەلایە و (43) کەس گیراون کە زۆریان لە گوندی (سێجێ) گیراون و خەڵکی سێمێل و مسیریکێ-ن و بەڵام دواتر هەندێکیان بە کەفالەت بەربوون و هەندێکیشیان ماونەتەوە.

8- وەك گوتیان لەناو سێمێل، (40) پۆلیس و (40) ئاسایشیان هەیەو نەیانتوانیوە بەو ژمارە کەمە کۆنترۆڵی تەواو بکەن...

9- پاشان لیژنە هاوبەشەکە، بە هاورێیەتی قایمقام و بەرێوەبەری ئاسایش و بەرێوەبەری پۆلیس چوونە بارەگا سووتاوەکەی یەکگرتوو لە شارەکەو لەلایەن

بەرپرسی یەکگرتوو  و چەند کادیرێکی ترەوە پێشوازییان لێکرا و ئەو رووداوە نەخوزراوانە سەرۆکی لیژنە بەناوی پەرلەمانەوە ئیدانەو مەحکوومکران و پاشان بەرپرسی یەکگرتوو لە شارەکە گوتی: کە ئەوان هیچ دەستیان لەو ماجەرایە نەبووەو هەوڵیان داوە پێش سوتانی بارەگاکەیان، پێوەندیی بە قایمقامەوە بکەن، بەڵام ئەو پێوەندییە دروست نەبووەو بەداخەوە ئەوەی روویدا رووداو (2) کەسیشیان لەوێ بوون کە بۆ چەند کاتژمێرێك راگیرابوون و بە کەفالەت ئازادکرابوون.

10- پاشان لیژنە هاوبەشەکە، سەردانی گوندی (سێجێ)ی مەسیحییەکانیان کردو لە نزیکەوە ئاسەواری رووداوەکە و خاوەنی کۆگاکە و چەند کەسێکی گوندەکەیان بینی، لەوێش سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکە (ئیسماعیل مەحموود) بەناوی پەرلەمانەوە، ئیدانەی ئەو رووداوەی کردو نیگەرانی و هاوسۆزی پەرلەمانی بۆ ئەوان دەربری و جەختی لەسەر بەیەکەوەژیانی ئاشتییانەو سەروەریی قانوون کردەوە و پاشان خاوەنی کۆگاکە سوپاسی ئەندامانی لێژنەکەی کردو جەختی لەسەر یەکرێزی پێکهاتەکان و سەروەری قانوون کردەوە.

**دهۆك:**

1- یەکەمجار، لیژنەی هاوبەشەکە، سەردانی لە بارەگا سوتاوەکەی مەڵبەندی دهۆکی یەکگرتوو کرد، چاوی بە پەرلەمەنتار لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (نەجیب باڵەتیی) و (غازی سەعید)بەرپرسی مەڵبەند و  عمر بادی کەوت. لەوێ سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکە، بەناوی پەرلەمانەوە ئیدانەی سوتانی بارەگاکەو پەلاماردانی ماڵ و موڵکی خەڵکی کرد جا بەهەر ناوێك و بیانوێکەوە بێت و مەبەست لە سەردانەکەی بۆ روونکردنەوە، ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە گوتیان: کاتژمێر 11ی شەو پێوەندییان بە پارێزگاری

دهۆك-ەوە کردووە کە ئیحتیمالی پەلاماردانی بارەگاکەیان هەیە (نەجیب باڵەتەیی گوتی لەملا و ئەولاوە، هەواڵمان بۆ دەهات). 10-12 پۆلیس-یان بۆ ناردین... سەرەتا ئەو خەڵکانەی هاتبوونە سەر بارەگاکە هەر 20-30 کەسێك دەبوون و دەوروبەری سەعات (1)ی شەو بارەگاکەیان سوتاند کە (23) دامودەزگای یەکگرتووی لێ بووە. پاش ئەو رووداوە، یانەی نۆهەدرای مسیحیەکان و شوێنێکی تر سوتێنراوە. نەجیب گوتی: بەهۆی ئەم رووداوەوە، (16) کەسمان لێ گیرا، (15)یان بەربوون و (1) کەس ماوەتەوە، لە سەر رووداوەکەی (زاوێتە)ش (1) کەسمان لێ گیراوە.

2- پاشان لیژنە هاوبەشەکە، کاتژمێری 5:30ی ئێوارە، چاوی بە پارێزگاری دهۆك (تەمەر کۆچەر) کەوت و لەدیمانەکەدا مەبەست لە سەردانەکە بۆ پارێزگار روونکرایەوە.

3- پارێزگار، جەختی لەوە کردەوە کە ئەو ئیمکانیاتەی ( لە رووی ژمارەی پۆلیس و ئاسایش و راهێنانەوە) لەبەردەستی ئەوە، کافی نییەو ناشێ و ناکارێ لە کاتی روودانی پێشهاتی وا کتوپڕو لەناکاودا، کۆنترۆڵی رەوشەکەی پێ بکات. لەهەمانکاتدا، لە دهۆك، پۆلیسی چالاکی مەدەنی بوونی نییە چ لەناو سەنتەری پارێزگاو چ لە قەزاو ناحییەکاندا. هەروا ئۆباڵی ئەو رووداوە، بەشێکی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە میدیا لە ماوەی رابردوودا، دەوری هاندانی بینیووە.... هەروا گوتی، هەر هەندە پێ راگەیشتین، هێز بۆ زاخۆ رەوانە بکەین. سەبارەت بە سوتاندنی بارەگای یەکگرتوو لە دهۆك، راستە پێوەندییان پێوەکردووە، بەڵام هەندێ هێزی بۆ زاخۆ رەوانە کردبوو، هەر هێندەی پێ کراوەو پۆلیس-یش فەرمانی تەقەکردنی لە خەڵك پێ نییەو رووداوەکەی بەکارو کاردانەوەی عەفوییانەی خەڵکی دهۆك لە قەڵەمدا. پاش ئەوەش یانەی نۆهەدراو شوێنی تریش سوتاون.

4- پارێزگار پشتڕاستی کردەوە، کە لەم ڕووداوانەدا، خەڵکانێك گیراون، هەندێکیان دادوەر بە کەفالەت بەری داون و ئەوانەشی کە ماون ئەگەر هیچیان لەسەر نەبێ، ئازاد دەکرێن.

**راسپاردەکان:**

1. مەحکووم و ئیدانەی ڕووداوە نەخوازراوەکانی ڕۆژی 2011/12/2 و ڕۆژانی دواتری شارەکانی (زاخۆ، سێمێل، دهۆك، زاویتە، دێرەلوك، قەسرۆك) و هەوڵی نانەوەی فیتنە لەنێوان پێکهاتە ئیتنی و ئاییینییەکانی کوردستان و پەلاماردان و شکاندن و سوتاندن و زیانگەیاندن بە ماڵ و ملکی تایبەتی و گشتی و بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەو شوێنانە دەکەین.

2. هەموو ئەوانەی دەستیان هەبووە لە پلاندان، هاندان، بەشداریکردن لەو ڕووداوانەدا و تاوانیان ئەنجامداوە، یان لە دەست عەدالەت ڕایانکردووە، بدرێنە دەست پۆلیس و دەسەلاتی دادوەری تا بە گوێرەی قانوون مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ.

3. دەبێ حکوومەت، ئەو بەرپرسە ئیداری و ئەمنیانە کە کەمتەرخەم بوون لەو ناوچانە سزابدات کە بە هۆی کەمتەرخەمییانەوە نەتوانراوە بەر بەو ڕووداوانەی 2011/12/2 بگرن.

4. حکوومەت بە گوێرەی قانوون، زەرەرو زیانی ماددی و مەعنەویی ئەو کەس و لایەنانە بکاتەوە کە لەو ڕووداوانەدا، زیانیان پێ گەیشتووە.

5. پێویستە ئەو لێژنە لێکۆڵینەوەیەی بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێکیهێناوە سەبارەت بەو ڕووداوانە پەلە لە ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان بۆ رای گشتی بکات.

6. پێویستە هەموو لایەنەکان و کەناڵەکانی راگەیاندنیان، لەئاست بەرپرسیارێتیی مێژوویی و چارەنووسی هەرێمی کوردستان لەم دۆخەی ئێستای ناوچەکە و بۆ بەیەکەوەژیانی بەئاشتییانەی سەرجەم پێکهاتەکان و پرۆسەی دیموکراتی بن و هەڵمەتی دژ بەیەکتر رابگرن.

7. پێویستە هەر سێ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی و وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و وەزارەتی پەروەردی هەرێمی کوردستان، لە رێگەی وتاربێژەکان و پیاوانی ئایینییەوە، گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان برەوپێبدات لە هەرێمی کوردستاندا.

8. پەرلەمانی کوردستان وەك نوێنەری تەواوی پێکهاتەکان، جەخت لەسەر تەبایی و بەیەوەکەوەژیانی ئاشتییانەو ئازادی تاکە کەس و پاراستن وگەشە پێدانی مافەکانی مرۆڤ و یەکتر قبوڵکردنی لەمێژینەی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان دەکاتەوە.

9. پەرلەمانی کوردستان ئیدانە و محکومی هەموو ئەو دەست دریژی و پەلاماردانانەی رۆژنامە نوس و کەنالەکانی راگەیاندن دەکات دەکات .

لەگەل ریزماندا.....

**سالار محمود**

سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ

**اسماعیل محمود عبدالله**

سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ وئاسایش

**بەفرین حسین خلیفە**
بڕیاردەرمافی مرۆڤ

**قادر حسن قادر**
بڕیاردەر ناوخۆ

**شێردڵ تحسین محمد**
جێگری سەرۆکی ناوخۆ

**سمیر سلیم امین**
ئەندامی ناوخۆ

**قادر احمد سمایل**
ئەندامی ناوخۆ

**شۆرش مجید حسین**
ئەندامی ناوخۆ

**کاروان صالح احمد**
ئەندامی ناوخۆ

**نەریمان عبداللە قادر**
ئەندامی ناوخۆ

**صباح بیت اللە شکری**
ئەندامی ناوخۆ

**شێرزاد عبدالحافظ شریف**
ئەندامی ناوخۆ

**ئاواز عبدالواحد خضر**
ئەندامی ناوخۆ

**ئاسۆ کریم محمد**
ئەندامی‌مافی مرۆڤ

**سەرگوڵ رةضا حسن**
ئەندامی‌مافی مرۆڤ

**پەیمان عزالدین عبدالرحمن**
ئەندامی‌مافی مرۆڤ

**ڤیان عبدالرحیم عبداللە**
ئەندامی‌مافی مرۆڤ

**هاژە سلیمان مصطفی**
ئەندامی‌مافی مرۆڤ

**علی حسین محمد**
ئەندامی‌مافی مرۆڤ

**سۆزان یوسف**

ئەندامیمافی مرۆڤ

**تارا تحسین ئەسعدی**

ئەندامیمافی مرۆڤ